Kurdistannet کوردستان نێت

# خالید سزا دەدرێت

حەمەسەعید حەسەن

بە پێچەوانەی کەسانی ژێرەوە کە کەمدوون، کەسانی گێل، زۆربلێن. <جیاوازیی نێوان گێل و گێلی گەورە ئەوەیە، گێل زوو یان درەنگ، هەست بە کەمئاوەزیی خۆی دەکات، وەلێ گێلی مەزن، هەرگیز هەست ناکات، کالفامە.> خالید لەسەر قیشتاندن بەردەوام دەبێت، ئەمجارەیان دەڵێت: (بۆ کورد وا باشترە، دەستبەرداری زمانی خۆیان بێن و بە عەرەبی چونکە زمانی قورئانە، بدوێن و بنووسن.) (١)

لە کن منی کورد، ئەوە لایەنێکی ڕەشی عەرەبییە کە زمانی قورئانیشە، نەک لایەنێکی گەشی، ئاخر عەرەب تەنیا دەیان ساڵە، کورد دەچەوسێنێتەوە، وەلێ قورئان سەدان ساڵە هەر ولات نا،کولتووریشی داگیر کردووین. ئەوە لە کن من هیچ پیرۆزییەک بە عەرەبی نابەخشێت کە زمانی قورئانیشە، ئاخر لای من قورئانە کوردییەکەی مام هەژار، لە عەرەبییەکەی محەممەد، شیرینترە.

کوردێکی سەربەخۆییخواز شک نابەم بە چاوی ڕێزەوە سەرنجی ڕەنجی سەلاحەدینی ئەییوبی کە ژیانی خۆی بۆ خزمەتی ئیسلام تەرخان کردبوو، بدات. هەڵەی زلی شێخ مەحموود ئەوە بوو، لەبری ئەوەی شەڕی عوسمانییە موسڵمانەکان بکات، سەنگەری لە ئینگلیزی کافر دەگرت. یەکگرتووی ئیسلامی گەر موخەییەر بێت لە نێوانی دۆزەخی سێگۆشەی سوننی و وەسڵی بەهەشتی کوردستاندا، هەمیشە پێش ئەوەی کورد بێت، سوننییە. باش بوو کورد دەرسی لە ڕابردووی تاڵی وەرگرت و لە شەڕی نێوان سەددامی ڕێبەری موسڵمانان و (بوش)ی پێشەوای کافراندا، لایەنی دووەمی گرت. سەددامی موسڵمان کە بە خەتی خۆی، ئەڵڵاهو ئەکبەری لەسەر ئاڵای عێراق نووسیبوو، بۆ ئێمەی کورد، عێراقی کردبووە (خانوویەکی دوو قات، قاتی ژێرەوەی کۆقەبر و قاتی سەرەوەی زیندان.) (٢)

(سوڵتان چونکە سێبەری خودایە لەسەر زەوی، موسڵمان شەست ساڵ ستەمی سوڵتانێکی زاڵم بچێژێت، لەوە باشترە، شەوێک بێ سوڵتان بێت.) (٣) ئەگەر ئەمریکای کافر سەددامی نەڕووخاندبا، دەبوو موسڵمانان بیست و پێنج ساڵی دیکەش چاوەڕێیان کردبا، ئینجا زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، نارەزایینامەیەکیان لە پێناوی دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی سکرتێری عورووبە و ئیسلامدا، ئیمزا کردبا!

خالید خوازیارە کورد بە زمانی قورئانێک بپەیڤێت، کە شتگەلی وای تێدایە، ئەگەر هەنووکە تەرجومەی هەر زمانێکی ئەوروپاییان بکەیت و بە ناوی خۆتەوە بڵاویان بکەیتەوە، دەستبەجێ بە دادگا دەدرێیت و سزایەکی سەختیش چاوەڕێت دەکات. خودا لە قورئاندا دەفەرموێت: (عەرەب میللەتێکی هەڵبژاردەیە. بەقەرە ١٤٣) دەزانیت خالید ئەو قسەیە بە ئینگلیزی بە ناوی خۆتەوە بلاو بکەیەوە، بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی ڕاسیزم، سزا دەدرێیت؟ خودا دەفەرموێت:(پیاوان لە ژنان باڵاترن. بەقەرە ٢٢٨) دەزانیت خالید لەسەر ئەو گوتەیە، بە تۆمەتی سووک سەرنجدانی ڕەگەزی مێ، لە زیندان توند دەکرێیت؟

2004. 11. 06

(١) خالد القشطيني، مطب اخر، الشرق الاوسط ٢٠٠٤/١١/٤ ص٢٧ لندن.

(٢) دێڕەشیعرێکی دەستکاری کراوە.

(٣) پێم وایە هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێزەدایە، چل ساڵە مام جەلال بێ دابڕان، سوڵتانی شاباڵێکی بزووتنەوەی کوردایەتییە و تەمەن مەودای بدات، بیست ساڵی دیکەش هەر سوڵتان دەبێت.